# زەنوێر سەفەرەکەی ئەنووسێتەوە

بەرزان هەستیار

(( بە یارمەتیی من و دایکی و بە زۆری خۆی " زەنوێر " توانی  ئەوەندە خۆی فێری کوردی نووسین بکات کە کاتێ لە  سەفەری ئەمساڵماندا بۆ کوردستان گەڕاینەوە ئەڵمانیا ،دەفتەرو قەڵەمێکی لەگەڵ خۆی هێنا و دیقەتمان دا هەر کە کەوتینە ڕێ هەرچی ئەبینێ و ڕووئەدا بە دەست و پەنجە ناسکەکانی قەڵەمەکە ئەگرێت و لای خۆی یاداشتیان ئەکات ، هەڵبەتە لەگەڵ کۆمەڵێك هەڵەی ڕێنووسیدا کە وایان لە نووسینە کە نەکردبوو نەخوێنرێتەوەو  نەتوانی لێی تێ بگەیت ، بە هەر حاڵ لەگەڵ گەیشتنەوەماندا دەفتەرەکەی بۆ هێنام و پێی خوێندمەوەو ناچاریشی کردم کە بۆی بنووسمەوەو بۆشی بڵاو بکەمەوە ، هەڵبەتە منیش دڵیم پێ نەشکاو بە مافێکی خۆشیم زانی کە هێندەی  پێوەی ماندوو بووە  با هێندەش بە بڵاو کردنەوەی شادمان بێت و ئێوەش کەمێك بچنە جیهانە بەرین و پڕ بەرائەتەکەی "زەنوێر"ەوە.))

ڕێگەی ئەڵمانیا

زەنوێر بەرزان هەستیار

**ڕۆژی یەکەم :**

کاتژمێری شەشە وا شتەکانمان ئەکەینە پاسەکەوە،ئێستا کاتژمێری شەش و نیوە وا زەلامیش سەرەکەوێ ،وا لەسەر ڕێگاین  لەوە ئەچێ من ئێستە بنووم.تازە هەڵسام .ئێستا لای شاخین لەسەر شاخەکان هەمووی ماڵە ئەمبەرو ئەو بەرمان هەمووی ئەلغام و باخە .ئێستا گەیشتینە لادێ  دە  دەقە ماومانە هەتا ئەگەین ئەوە شوتیمان کڕی بەس چەقۆمان پێ نییە.گەیشتینە حدودی ئێران باشماغ ئەوە شوتی لەت کرا سور وەکو خوێن، لەوبەر کەرێکی سپی ،وا ئێستا خواحافیزییمان کرد ،دایە فاتم و پووره نیهایەت گریان ،لە پردەکە پەڕینەوە ،خەریکە لۆری ئەمانکوژێ ،خواحافیزی لە ئەوانمان کرد .ئەلێرە شاخی ئاسنە ، بە تەکسیەکەمان لای کانییەك وەستاین .بەلای زرێبار ڕۆیشتین .گەیشتینە سنە لە ڕیستورانت وەستاین لە ڕیستورانتێکا ئاوو ساردی و چامان خواردەوە. من بۆ خۆم لە سەیارەکەیا پاڵکەوتووم ، گەیشتینە ئوتێل ڕیزێ جانتا لەسەر جادەکە دامانناوە .ئوتێلەکەمان جوانە  گەورەشە.ئێستا هەموومان خۆمان شت . پووره ،

برمه و چای داوا کرد تۆزێکی تر ئەچین بۆ بازاڕ. لەگەڵ پوورم لە ژووری ئێمە حەفلە بەبێ گۆرانیی تاژان و بەرزان و کاک کەمال هەر شەڕە سوعبەتیان ئەکرد. وا ئێستا ئەنووین..یەکەم ڕۆژ تەواو بوو.

ڕۆژی دووەم :

کاک کەمال دوو قۆری چای داوا کرد ، دیسانەوە تۆزێکی تر ئەچین بۆ بازاڕ ، ئێستا بەرزان پارە ئەیات ، لە بازاڕەوە چووین بۆ تاقۆسان ،ئێستا لە سالۆنی ئوتێلەکەمان ..وا ئەڕۆین بۆ مەتار بە دوو تەکسی ،وا گەیشتینە مەتار ، بیتاقەکەمان " ئۆ کەی " نەبوو ،لە ئەخیرا پیاوێکی باش یارمەتی داین ، ئێستە لە تەیارەکەداین ، ئێستا هەڵئەسین ...ئێستا لە مەتاری تارانین ،پیاوەکان جانتاکانمان ئەیەنن ،ئێمەش و لە مەتار ئەنووین ،ئێستا لە مەتعەم بووین سێ پیتزاو سێ سەندەویچ ،باوکم نووستووە لەگەڵ تاژان لەسەر کورسییەکان ، هەمووومان تۆزێ نووستین .

دوو ڕۆژ تەواو بوو .

ڕۆژی سێ یەم :

کورەکان جانتاکانیان برد بۆ شەحن ، ئێستا پاسپۆرتەکەمان سەیرەکەن ،ئێستا لە ترانزێتین ،بە پاسێ ئێمەیان برد بۆ تەیارەکەمان ، تەیارەکە وەسەتە ، گەورە نییە ، بچکۆلەش نییە .وا هەڵەسین ، من و باوکم ئەنووین ، ئێستا خواردنیان بۆ هێناین ، سەموون و هێلکە ، یەك سەعاتمان ماوە ، چاو پسکیتیان هێناوە ،شەربەتیان بۆ هێناین ...بیست دەقەی تر ئەنیشینەوە ، تەیارەکە نیشایەوە .

ئەم نووسینە پێشکەشە بە پوورو خاڵەکان و مامەکانم .